# هونەری وێنەکیشانی ئاویی سەر گەچ(فریسکۆ) کۆشکی "سەید موحسن ئاغا"ی کفری

## توێژینەوەیەکی (مەیدانی -شیکاری)

د.علی هجران محمد غریب
زانکۆی سلێمانی
Ali.gharib@univsul.edu.iq

ڕێککەوتی وەرگرتنی توێژینەوە: ٢٠٢٤/١٢/٢٥ ڕێککەوتی ڕەزامەندی بڵاوکردنەوەی: ٢٠٢٥/٢/١

**پوختە:**

وشـەی (فریسـکۆ) لە بنەڕەتدا وشـەیەکی ئیتاڵیە بە زمانی کوردی بە واتای (تازە)دێت و بە ئینگلیزی(Fresh)، ئەم ناوەش لە تەکنیکی دروسـتکردنی وێنەکەوە سـەرچاوەی گرتەوە. کە بریتیە لە کێشـانی وێنە بە بۆیەی ئاویی لەسـەر گەچ، کە هێشتا گەچەکە تەڕە (تازەیە) وشک نەبووەتەوە، گەچەکە بۆیە ئاوییەکە هەڵدەمژێت و پاشان وێنەکە جێگیر دەبێت لەسەری.

شـاری کفری بێبەش نەبووە لەم جۆرە هونەرە، گۆشـکی "سـەید موحسـن ئاغا"، کە مێژووەکەی بۆ سـەدەی (١٨)ز. دەگەرێتەوە نموونەیەکی زیندووە بۆ ناسـاندنی وێنەی ئاویی لە سـەر گەچ (فریسـکۆ) لە کفری، بە شـێوازێکی سـەرنجراکێش لە زۆربەی ژوورەکانی ماڵەکەدا وێنەی جۆراوجۆر کێشـراوە، وێنەکانی ئەم خانووە تا ڕادەیەک لە ئاسـتێکی خراپدایە و بەرەو لە ناوچوون دەچێت، تەنها ژووری نهۆمی ئەرزی نەبێ لە بنمچیدا و لە تاقێکدا وێنەی (فریسکۆ) ماوە، کە بابەتی سەرەکی توێژینەوەکەمانە.

وێنەکانی گۆشکی "سەید موحسن ئاغا" بە شێوازی زۆر جوان کێشراون و بابەتی جۆراوجۆری لە خۆگرتووە وەکو دیمەنی شار، کە لە تاقەکەدا دەردەکەوێت، لەگەڵ وێنەی ئاژەڵی و وێنەی ڕووەکی لەگەڵ بەکارهێنانی نەخش و نیگاری ئەندازەی بۆ دابەش کردنی ڕووبەری بنمچەکان.

**کلیلی وشە:** ، وێنەی دیواری ، (فریسکۆ)، کفری، "سەید موحسن ئاغا کفری" .

**Abstract:**

This paper is an attempt to highlight the beauty and role of watercolor painting on plaster (fresco) in Islamic art. Watercolor painting on plaster (fresco) is one of the methods of painting that has an ancient history. Since the time of cave life, man has painted as a way to express his feelings. Over time, painting has used many different techniques and methods, including watercolor on plaster (fresco).

The word "Fresco" is originally an Italian word meaning "fresh" in Kurdish and "Fresh" in English. It involves drawing with watercolor on plaster, which is still wet (fresh) and not dry. The plaster absorbs the watercolor and then the painting is fixed on it.

The city of Kifri has not been deprived of this kind of art. Mohsen Agha's house, which dates back to three centuries ago, is a living example of introducing watercolor paintings on plaster (fresco) in Kifri It is in poor condition and is on the verge of destruction, except for the ground floor room, which we focus on it in this study.

The house is beautifully painted and includes a variety of subjects such as city, animals and plants, and the use of geometric patterns to divide the area of the floors.

Keywords: Wall Painting, fresco, Kifri, " "sayyd Mohsen Agha".

**پێشەکی:**

هونەر پایێکی گرنگی شارستانیەتە، بە دەرکەوتنی جۆریک لە هونەر لە شاری کفری ئاماژەیەکی بەهێزە بۆ ئەوەی شاری کفری لە ئاستێکی باشدا بوە لە ڕووی شارستانیەوە، وێنەی سەر دیوار (فریسکۆ ، موزایک) یەکێکن لە تەکنیکە کۆنەکانی وێنە کێشان لە شارستانیەتی مێزۆپۆتامیادا، شاری کفریش بەیەکێ لە شارە گرنگەکانی شارستانیەتی مێزۆپۆتامیا هەژمار دەکرێت کە خاوەنی مێژوویەکی دێرینە، بیبەش نەبووە لە هونەری وێنەی سەر دیوار.

یەک لە بنەماڵە دێرینەکانی شاری کفری بنەماڵەی سەیدەکانە، کە لەگەڵ ئاوەدانکردنی شوێن ئێستای کفری ئەم بنەماڵەیە جێگیربوون لە شارەدا، کەوا بنەماڵەیەکی ئایینی و خاوەن پێگەو پایەی خۆیان هەبوو.

لەم توێژنەوەیەدا چەخت کراوەتە سەر هونەر بەگشتی وهونەری وێنەی سەر دێوار بە چڕی، لەگەڵ باس کردنی جۆرەکانی، بەکورتی باسی مێژووی شاری کفری کراوە و پەیوەست بە مێژووی شاری کفری، ئەم بنەماڵەیە و مێژووی دروست کردنی کۆشکی "سەید موحسن ئاغا".

ئامانج لە توێژینەوەیەدا دەرخستنی لایەنی گرنگی ئەم هونەرەیە، و شیکردنەوەی بوونی ئەم هونەریە لە کۆشکی "سەید موحسن ئاغا" ، ڕێبازی لێکۆڵینەوەی لەم توێژینەوەیەدا پشتمان بەستووە بە هەردوو ڕێبازی مەییدانیو شیکاری بۆ بابەتەکان .

**١- هونەری وێنەی سەر دیوار:**

**١-١ وێنەکێشانی سەر دیوارەكان (Mural -Wall Painting) (التصوير الجداري):**

وەك سەرەتا ئاماژەمان پێکرد هونەر لە چەند جۆرێك پێکهاتووە، جۆری وێنەکێشانی سەر دیوار یەکێکە لەو جۆرانەی هونەر هەژمار دەکرێت، هونەری وێنەکێشانی سەر دیوار لە هونەرە ڕەسەنەکانە ومێژوویەکی کۆنی هەیە،

سەرباری ئەوەی دەرکەوتنی چەندین ڕێگای هەمەجۆر بۆ دەربرینی هە ستی مرۆڤ، بەڵام تەکنیکی وێنەکێشانی سەر دیوار لە هەموویان باوو وسادەتر بوە لە دەربرینی سۆزی هونەرمەندا.

گەر بمانەوێ پێناسەیەك بۆ هونەری وێنەی سەر دیوار بکەین دەبێت، بڵێین هەموو ئەو وێنانە ئەگرێتەوە کە لە سەر دیوار یان بنمەچکی دیواری ناوەوە یان دەرەوەی بینایەك دەکرێت، جا بە تەکنیکی مۆزایك یان فریسکۆ یان بە هەڵکۆڵین بێت یان بە بەکارهێنانی بۆیەی ڕوونی یا ئاوی، بۆیە بەشێویەکی تایبەت بەشێکی دانەبڕاوە لە جوان کاری بیناسازیەکی دروستوو تەواو، هونەری وێنەکێشانی دیواری بە یەکەیەکی بیناسازی هەژماردەکرێت لە کاری هونەریدا، ڕۆڵی و ئامانجی ئەوەیە بۆ یەکخستنی دیزاینی بیناکان.(علي و هام ،٢٠١٩، ٤٥).

بێگومان، ئەم تەکنیکە لە وێنەکێشاندا بۆ بابەتی جوانکاری بینای ئاینی و کۆشکەکان بەکارهاتووە، هەموو جۆرەکانی نەخش ونیگار لە وێنەکێشانی دیواردا بەکارهاتووە، بۆیە هەموو تەکنیکەکان کە بۆ دروستکردنی وێنەی سەر دیوار بەکاردێت بە تەواوکەری بیناسازی هەژمار دەکرێت، پەیوەندی لە نێوان هونەری وێنەکێشان سەر دیوار و بیناسازی پەیوەندیەکی تەواوکاریە, چونکە تەلارساز و ئەندازیار بە پەیوەندی لەگەڵ وێنەکێش بەیەکەوە ئەتوانن کارەکەیان بەرجەستە بکەن، (جنان، ٢٠٢١، ٤)

بۆیە هونەری وێنەکێشانی دیوار لە هونەرە بەرجەستەیەکان هەژمار دەکرێت (الفنون التشكليه)، هۆکاری ئەم پیوەندیەش بۆ ئەوە ئەگەرێتەوە ئەم هونەرە پەیوەستە بە لایەنی کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری تاکەوە، بۆیە هونەری بەرجەستەیەکان (التشكيلية) بە شێوازێکی گشتی و هونەری وێنەکێشانی دیوار بە تایبەتی ڕووڵیکی گەورە دەبینن لە گەشە و بەرزکردنی ئاستی ڕۆشنبیری تاک لە کۆمەڵگادا، (خليفة نجم،٢٠٢٠، ٢١٥).

هونەری وێنەکێشان دیوارە پەیوەندی هەبوو لەگەڵ بابەتی مێژووی ولایەنی ئاینی و لایەنی سەربازی و سیاسی بۆ نموونە بابەتی کۆشکەکان و گۆڕستانەکان پەرستگاکان هەمەچۆر بوون، تایبەتمەندی وێنەکێشانی دیواری (تابلۆی دیواری) بەقەبارە گەورە دەبێت، ئەمەش، لە کۆکردنی لایەنی بیناسازی - هونەری – سیاسی سەربازی-ئاینی- مێژووی لە شوێنیکی دیاریکراودا ئەوەش وێنەی سەر دیوارەکانە(طه ، ٢٠١٧ ، ٤٢٦).

٢.١ **جۆرەکانی هونەری وێنەکێشانی سەر دیوار:**

***یەکەم:*** وێنەکێشانی سەر ڕووی دەرەوە دیوارەکان (دیوی دەرەوە) ئەم جۆرە لە ڕووکاری دەرەوەی دیواری بیناکان دەکێشرێت، بەواتایەکی تر لە ژێنگەیەکی کراوەدا دروست دەکرێت، وێنەکان بەرکەوتی ڕاستەوخۆیان هەیە لەگەڵ گەش وهەوادا، بۆیە دروستکردنی هەر کارێکی هونەری لەم جۆرە، دەبێت هونەرمەند ئاگاداری تەواوی هەموو کەرستەخاوەکانی بێت، کە بۆ مەبەستی وێنەکێشانەکە بەکاریاندەهێنێت و گونجاندنی لەگەڵ ژینگەکەیدا.

***دووهەم:*** وێنەکێشانی دیوی ناوەوە دیوارکان, ئەم جۆرەیان لە سەر ڕووی بەشەکانی ژورەکان و بنمەچەکان و دیوارەکان ناو بیناکان، بۆ نموونە تاق و کەوانە و گومەزی کۆشک و باڵەخانەکان دەگرێت, ئەم جۆرەیان بەرکەوتی لەگەڵ ژینگە و گەش وهەوادا ناراستەوخۆ دەبێت (خليفة نجم، ٢٠٢٠، ٢١٥) (طه ، ٢٠١٧ ، ٤٢٦).

### ٣.١ مێژووی دەركەوتنی هونەری وێنەكێشانی سەر دیوار:

سەرەتای دەركەوتنی هونەری وێنەكێشانی دیواری بۆ مێژوویەكی كۆن دەگەڕێتەوە، بۆ سەردەمی ژیانی مرۆڤ لە ئەشكەوتەكاندا، ئەو كاتەی مرۆڤی ئەشكەوت وێنەیان ئەكێشا لە سەر دیواری ئەشكەوتەكان.

سەرەتا ئەم وێنانە بە مەبەستی جوانكاری دروستنەكرابوون، بەڵكو مەبەست لە وێنەكێشانەكان ڕێگایەک بو بۆ دەربرینی بیركردنەوە و مەتر سیەكانی و هە ستو سۆزی دانشتوانی ئە شكەوتەكان بوو، ئامانجی سەرەكی وێنەكێش چاودێریكردنی سروشتە، كە خۆی تێدا دەژێت. بێگۆمان، ئەم شێوازە لە وێنەكێشانە لە پێش دەركەوتنی نووسینە بووە. هە ندێ بۆچوون هەیە باس لە ئا مانجی وێنەكێش دە كات كە ئا مانجێكی جادووگەری بێت، هە ندێ دێمەنی سرو شتی و ئاژەڵی درندەی كێشاوە بە ئامانجی زاڵبوون بە سەریان و دەربرینی هە ستی،(الصابونی و السرمینی، ٢٠٠٩، ٢).

بۆیە وێنەكێشانی دیواری ئەشكەوتەكان دەربرینێكە لە دانیشتوانی ئەشكەوتەكان بووە, بۆ هەندی پێداویستی مادی و ڕووحی و ئاینیی كە نێشانەی جۆراوجۆری هەبووە لەگەڵ تێكەڵ كردنی هەندێ لایەنی سروشتی هونەری جوانكاری (شیاع، ٢٠٢١، ٢٩٦٦).

دەر بارەی ئەم جۆرە لە هونەری وێنەكێشانی دیواری ئەشكەوتە كان بۆچوونێک هەیە، كە گۆایە ئەم جۆرە لە تەكنیكی وێنەكێشانە ناچێتە چوارچێوەی هونەرەوە، چونكە مەبەست لەم كارە تەنها بۆ ئامانحی جادووگەری یان زاڵبوونە بە سەر سرو شت، ئامانجی دەرخستنی كارێكی هونەری و جوانكار نەبوە .(الهجان وأخرون، ٢٠١٣، ٥٧٤). گوایە لەو سەردەمەدا هونەر هێشتا دەرنەكەوتووە، پاڵپشتی ئەم بۆچوی ئەوەیە، كە چەمكی هونەر لە سەدەكانی (١٦-١٧ز.) دەركەوت (هجرانی، ٢٠٢٠، ٩٨)، بەڵام بەڕای توێژەر هەر كارێک بێت دوو لە ئامانجی بەو توانانەی كە لەو سەردەمەدا بوونی هەبووە، بە شێوازێكی جوان وشا دروستكرابێت ئەوە هونەر.

بێگۆمان، مێزۆپۆتامیا بە لانكەی زۆربەی هونەرەكان دادەنرێت، هونەری وێنەكێشانی دیواریش بەدەر نەبووە لێی، كۆنترین نموونەی گردی (ام الدباغیة) ئەم گردە نزیكی شاری (الحضر)ە، مێژووی بۆ چاخی بەردی نۆی دەگەڕێتەوە، كۆمەڵێ وێنەی ڕەنگاوڕەنگ لە سەر دیوارێ قۆر نەخشكراوە، كە ڕوپۆشێكی گەچی بۆ كرابوو، (علی و هام، بێ ساڵ، ٢٨٨). وێنە ژ. (١)، بەڵام با شترین نموونەی هونەری وێنەكێشانی سەر دیوار بۆ سەردەمی (جەمدە نە سر) لە با شووری مێزۆپۆتامیا دەگەڕێتەوە (سعید، ١٩٨٥، ٢٦٨). هەروەها هەندێ نموونەی ئەم هونەرە كە لە گردەكانی (فرەس و ڕەقایی) دۆزراوەتەوە، ئەتوانین بڵێین بۆ كۆتاییەكانی نەینەوا پێنج (٢٧٠٠بۆ ٢٦٠٠پ.ز)، دەگەڕێتەوە. (فتاح، ٢٠٢٤، ٢١٨)، لە سەردەمی ئاشوورێكاندا ئەم هونەرە بایەخی خۆی هەبوو بۆ نموونە لە كۆشكەكانی شاری (كالخو) نەمروود كە بە دووری ٣٥كم لە باشووری موسلە نموونەی زۆر جوانی ئەم هونەرە هەیە (حسین و عطیة، ٢٠١٩، ٥٩)



ئەم هونەرە بەردوام بوو لە زۆربەی سەردەمەكاندا دەركەوت، لە سەردەمی ئیسلامیدا هەر لە سەرەتای دەركەوتنی هونەری ئیسلامی وێنەكێشان ڕۆڵێكی

وێنەی ژ. (١) (علی، وأخرون، بێ ساڵ، ٢٨٨)

گرنگی هەبوو، بە تایبەتی لەگەڵ دروستبوونی دەوڵەتی ئەمەوی لە شام، و كاریگەر بوونی ئەم دەوڵەتە بە یۆنانیەكان و ومە سیحەكان و لا سایكردنەوەی زۆربەی هونەرەكانیان، هونەری وێنەكێشانی دیواری،(عكا شە، ٢٠٠١، ٧)، بەڵگەیە بۆ نموونەكانی كوشكی (عمرە) لە بادی شام، ئەم تەكنیكە بە هەمان ڕەوتی خۆی بەردوام بو تا سەرەتای سەدەی ١٩زاینی، بەڵام بەگشتی ئەم جۆرە لە هونەرە لە سەردەمی ئیسلامیدا بە كەمی دەركەوت بە بەراورد لە گەڵ جۆرەكانی تر، ئەوش لە بەر ئەوەی كە ئەم بابەتە زۆر بەكەمی لە بواری ئاینییدا بەكارهاتوە (الباشا، ١٩٥٩، ٢٢).

**٤.١ ڕێگاكانی دروستكردنی وێنەی دێواری:**

وێنەكێشانی دیواری چەندین ڕێگای هەیە بۆ دروستكردنی، بەڵام تەنها دوو تەكنیك زۆر بەناو بانگە لە دروستكردنی وێنەی دیواری.

أ- وێنەكێشانی ئاویی سەر كەچ (فریسكۆ) (Fresco):

وینەكێشانی دیواری بەتایبەتی دیوارێك كە بە گەچ سواق كرابێ یان هەندی جار بە قوڕ، ئەم تەكنیكە پەیوەستە بە شێوەیەكی ڕاستەوخۆ بە بیناسازی و بەتایبەتی دیوار، تەكنیكی كاركردنی ئەم شێوازە ئەوەیە توانەوەی بۆیە ڕەنگ لە ئاودا، دواتر بەكارهێنانی لەسەر دیواری كەچی یان قوڕی، كە هێشتا وشك نەبوە، (WARD،1909،17 ). ئامانجی سەرەكی لە وشك نەبوونی (ڕوپۆشی كەچی) دیوارەكە ئەوەیە تێكەڵ بوونی ڕەنگە تواوەكان لەگەڵ گەچەكەدا، بەواتایەكی تر هەڵمژینی كەچەكە بۆ بۆیەكان وشك بوونی، دواتر بۆیەكان بە جوانی لە سەر ڕوپۆشی كەچەكە جێگیر دەبێت چونكە بۆیەكان چوەتە ناو دەنكۆڵەكانی گەچەكە،(الشرقاوی. ٣٦،٢٠٠٠)، بۆیە هەندێ سەرچاوە ئەم تەكنیكەیان بە وێنەكێشانی شێدار ناودەبات، ئەم تەكنیكە لە ڕۆژئاوادا بە فەرێسكۆ (Fresco) ناسراوە، ڕەچەڵەكی ئەم وشەیە ئیتاڵیە لە (Affaresco) هاتووە (حسین و عطیة، ٢٠١٩، ٦١) ، بەواتای تازە (Fersh) بە زمانی ئینگلیزی (طازج) بە زمانی عەرەبی دێت، هۆكاری هەڵبژاردنی ئەم ناوە بۆ ئەو تەكنیكە ئەگەرێتەوە لە دروستكردنی وێنەكە بە ڕێگای دەبێت گەچی سەر دیوارەكان تازە بێت(WARD ،١٧،١٩٠٩)،(فرغلی، ٢٠٠١، ٥٦).



وێنەی ژ.(٢) فریسکۆی ماڵی مۆحسن ئاغای کفری وێنەی بنمچی زۆری فریسکۆ. (فۆتۆی توێژەر)

بوونی ئاو و بۆیەی تواوە لەگەڵ گەچەکە ئەمانە هەموویان کەرەستەی (Alkaline-Base) کارلێیکی کیمیایی دروست دەکات، کە دەرئەنجامی چە سپاندنی وێنەکانە لە سەر دیوارەکە، چونکە زۆربەی کات ژینگەی دەوروبەری مرۆڤ ژینگەیەکی(Acid) (حنان، ٢٠٢٠، ١٤) وێنەی ژ. (٢)

**ب- مۆزایک (الفسیفساء) (Mosaic):**

یەک لە تەکنیکەکان بۆ دروستکردنی وێنە بەکار هاتووە، وشەی (الفسیفساء)یە لە زمانی ئەغریقیەوە هاتووە بە واتای هونەری یان پیشەی دروستکردنی تابلۆ لە ڕێگای پارچەی بچووک، و شەی (مۆزایک) لە بنەرەتدا و شەیەکی رۆمانیە دواتر بۆ ئەم هونەرە بەکارهاتووە (حمدان، ٢٠١٢ ، ١٤) ئەم تەکنیکە بریتیە لە پارچەی بچووکی چوارگۆشە یان لاکێشە یان پارچەی نارێک، ڕەنگاوڕەنگ، بە شێوازێکی دیاریکراو رێک دەخرێت، بە کەرەستەی لکێنەرە بە دیوار یان بە بنمچ یان ئەرزی بینایەک ئەچەسپێنرێت، هەندێ کات بە تابلۆیەکی سادەش دەبینرێت دوور لە بابەتی بیناسازی،(فرغلی، ٢٠٠١، ٤٦). زۆرترین کەرەستە کە بەکارهاتووە لەم تەکنیکە (بەرد، شوشە، گۆچکەماسی، گلێنەیرووپۆشکراو بە شووشە) ئەم تەکنیکە لە زۆربەی تەکنیکەکان بەهێزترە و بەرگری باشترە بۆ ژینگە، تێچووی زۆرترە لە تەکنیکەکانی تر (حمدان، ٢٠١٢ ، ١٤). وێنەی ژ. (٣)



وێنەی ژ. (٣) مۆزایکی کۆشکی هەشامی لە شام
( Taha)،2015،104)

**٢. کفری :**

**2 . ١ مێژووی شاری کفری:**

کفری وەکو ناوەندیەکی گرنگی ناوچەی (گەرمیان)ە (گەمەرسێر)، کفری یەکێکە لەو شارانەی کە لە مێژووی رۆژهەڵاتی ناوەراست پێگەیەکی دیاری هەبووە بە هۆی هەڵکەوتەی جوگرافی و سیاسی وسەربازی ئەم شارە، جێگەی ململانێی هێزە نێودەوڵەتی هەرێمایەتیەکان بووە.

زانیاریەکان دەربارەی مێژووی شاری کفری بەشێوەیەکی ڕوون دیاری نەکراوە بۆ چی سەردەمێ یان ساڵی ئەگەرێتەوە، بێگومان هۆکارەکەی ئەگەرێتەوە بۆ نەبوونی کنە وپشکنینی شوێنەواری لە ناوچەکەدا.

بەگشتی لە سنووری شاری کفری سێ گرد و شوێنی دیاری کراو هەیە کە بۆ ساغکردنەوەی مێژووی کفری پەنای بۆ دەبرێت،

***یەکەمیان گردی (ئاسـکی کفری)*** شــوێنی ئەم گردە لە باشــوری ڕۆژئاوای کفری ئێســتایە، بە دووری (٨کم). هەڵکەوتەی ئەم گردە لە دەشـتێکی فراوان بووە، کەوتووەتە نێوان ڕووباری (سـیروان) و زنجیرە چیاکانی حەمرین و چەمی زەرگەو زنجیرە چیای قەرەداغ،(عزیز، ٢٠١٣، ١٤) .مێژووی ئەم گردە بۆ ســەردەمی گوتییە کان و لولوییە کان ئەگەڕێتەوە، لە سەردەمی سۆمەرییەکاندا ناوی (کیماش) بوە(نەریمان، ١٩٩٦، ١١)، ئەم گردە لە سەردەمی گوتییەکان و لولوییەکان ڕووڵێکی گرنگی هەبوە، لە سـەردەمی سـاسـانییەکان ئەم گردە ناوەندیەکی گرنگ بوە بۆ پاراسـتنی ڕێگای بازرگانی نێوان ناوچەکانی کەرکوک و تەیسـفون و ناوچەکانی بەشـی ڕۆژئاوای دەوڵەتی سـاسـانی(محەمەد غەریب ٢٠٢٣، ٤٠), بەڵام بە بۆچوونی توێژەر گردی ئاسکی کفری هیچ پەیوندی بە مێژووی شاری کفری نییە, چونکە چینەکانی سـەرەوەی ئەم گردە بۆ سـەردەمی سـاسـانی ئەگەرێتەوە, و شـوێنی دووەم کە (قەرەئۆغلان)نە بە هەمان شـێوە بۆ سەردەمی سا سانی و دواتر ئیسلامی دەگەرێتەوە، و بە واتای (گردی ئا سکی کفری) و (گردی قەرەئوغلان) هاوچەرخ بوونە, بۆیە ناکرێت لە یەک کاتدا دوو ئاوەدانی هەبێ بە ناوی کفری.

**دووهەم: گردی (قەرەئۆغلان)** شــوێنی جۆگرافی ئەم گردە نزیکی شــاری کفری ئیســتایە لە بەشــی باکووری ڕۆژهەڵاتی شاردایە، لە بەشی ڕۆژهەڵاتی چەمی کفری، تەنها گرد نیە بەڵکۆ شوێنەواری چەندین پاشماوەی بیناسازیش هەن لە تەنیشــتی گردەکە، بێگومان ناوی ئەم گردە (قەرەئۆغلان) لە بنەرە تدا وشــەیەکی تورکیە بە وا تای (کوری ڕەش)دێت. هیچ کنە وپشــکنین لەم گرد نەکراوە بۆیە ناتوانیین بەدروســتی مێژووەکەیی دیاری بکەین، لە ســاڵی (١٩٩٥)ز. دەسـتدرێژی کرایە سـەر ئەم کردە، چەند پارچەیەک تێدا دۆزرایەوە و وەک دراوی سـەردەمی ئەمەوییەکان ، ئەمەش ئەوە دەردەخات، کە کفری تا سەردەمی ئەمەوییەکان بەردوام بووە،(عزیز،٢٠١٣، ١٩).

***سێیەم: شاری(کفری ئێستا) مێژوویەکی*** دیاری کراو بۆ دروست بوونی ئەم شار نیە، بەڵام دروستکردنی ئەم شارە لە دوای خاپوربوونی گردی قەرەئۆغڵان، "نیپور" لە گەشـتەکەیدا بۆ کفری باسـی لە مێژووی دروسـتبوونی دەکات بۆ سـەردەمی دەوڵەتی عەباسـی ئەیگێرێتەوە(عەبدوڵلا ٢٠١٣، ١١٥)، هەروەها ناوی شـاری کفری لە کتێبی ***"شـرفنامە"***، دا هاتووە، کاتێک میر "پیر نەزیر "بابان توانی دەسـەڵاتی میرنشـینی بابان فراوان بکات تاکو ناوچەی کفری لە سـەرەتای سەدەی (١٦ز) ،(البدلیسی، ٢٠٠١، ٤٧٧)، هەندێ بۆچوون هەیە باس لەوە دەکات کە کفری ئێستا بۆ سەرەتای دەرکەوتنی ئاینی یارسان دەگەرێتەوە لە سەدەی(١٦)ز.(عزیز، ٢٠١٣، ٢٠).

**٢ .٢ کۆشکی سەید"موحسن ئاغا" بەرزنجی لە کفری:**

**١ .٢ .٢ کەسایەتی *"موحسن ئاغا"* بەرزنجی :**

سەید موحسن ئاغا کوری سەید ئەحمەد کوری سەید عومەر کوری سەید قا سم کوری یو سف کوری عەزیز کوری مەحمەدی بەرزنجەیە، (عەلی ئاغا، ٢٠٢٤، چاوپێکەوتن) یەکێکن لە بنەماڵە ڕەســەنەکانی شــاری کفرین، وەک ئەوەی سـەرچاوەکان باسـی دەکەن ،کە هیچ بەڵگەیەکی ئەوتۆمان لە بەردەسـت نییە تاوەکو بزانین باپیرە هەرەگەورەی ئەم

بنەماڵەیە لە کەیەوە هاتونەتە ئەم شـارە، *"مصـطفی نەریمان"* پێی وایە کە *"سـەید عومەر ئاغای گەورە"* لە سـەرەتای سـەدەی ١٩ز. هاتوەتە کفری لە گەڵ هۆز و بنەماڵەکانی ئەم ناوچەیەدا ژن و ژن خوازییان کردووە (نەریمان. ١٩٨٥، ٥٠) ، بەڵام لە بەڵگە نامەیە کدا کە مێژووی بۆ ســاڵی (١١٤٧ک\ ١٧٣٤ز)دەگەڕێتەوە باس لە بوونی ئەم بنە ماڵەیە دەکات لە ناوچەکە و شاری کفریش(وێنەی ژ.(٤)

بنەماڵەی سەیدەکانی کفری ئەچنەوە سەر *" سەید عەلی وەندرینی"* کە ئەوش لە سەیدەکانی بەرزەنجەیە(خال، بێ ساڵ، ٧٣)، کە بە دامەزرێنەری ئەم بنەماڵەیە هەژمار دەکرێت، گوایە لە ساڵی ١٨٠٠ز. لە گوندی تلیشان نیشتەجێ بووە، دواتر بنەیەکی ئەم بنەماڵەیە لە کفری نشتەجێ بوون(نەریمان ، ١٩٨٥ ، ٥٠)



وێنەی (٤) (سەرچاوەی بەڵگەنامەکە (عەلی تالیب ئاغا))

ســەیدەکانی کفری هەرچەندە بەژمارە کەم بوون بەڵام بەقەوارە لە شــاری کفری و ناوچەکەدا ســەنگی تایبەتی خۆیان هەبووە و لەگەڵ هۆز و بنەماڵەکانی (بابان، جاف،زەنگەنە، وەنداوی) ژن و ژنخوازییان کردووە. و شەی "سەید" بەواتای پاشا بەکارهاتووە، یەکێکە لەو ناوانەی کە لەگەڵ نازناوی سـوڵتان بەکاردێت، بە زۆری بۆ پیاوان بەکارهاتووە، بەڵام لە کوردســتــان زۆرتر بەو کەســانە وتراوە کە خۆیـان بە نەوەی پێغەمبەر (د.خ) دەزانن (برکـات، ٢٠٠٠، ٢١٢) بنەماڵەی"سەید موحسن ئاغا" لە سەردەمی سوڵتان عبدالحمیدی دووەم (١٨٧٦-١٩٠٩ز) نازناوی (نقیب) یان پێ بەخشرا، بێگومان ئامانجی سوڵتان خۆ نزیک کردنەوە بوەو لە زانایانی ئایینی و شێخ و سەیدەکانی ناوچەکە بوو(عزیز، ٢٠١٣، ٤٣)

### ٢.٢.٢ مێژووی و جوگرافیای کۆشکی "سەید موحسن ئاغا" :

أ- مێژووی دروستکردنی کۆشکی "*سەید موحسن ئاغا*":

لە رووی بیناسازی ماڵی ***"سەید موحسن ئاغا"*** بە ڕوونی بۆمان دەرنەکەوتووە لە چی ساڵی دروستکراوە، بەڵام بە بوونی ئەو بەڵکەنامەیە کە مێژووی بۆ ساڵی (١٧٣٤ز.) دەگەڕێتەوە (وینەی (٣)) ئەوەمان بۆ دەردەخات کە ئەم بنەماڵەیە لە کفری بوون لەو مێژووە یان کۆنتر لەو مێژووەی ئەم خانوونە دروستکراوە، بێ گۆمان تەرزی بیناسازیی و قەبارەی ئەم بینایە کە بە بۆچوونی ئێمە جۆری کۆشکە، ئاماژەیەکە بۆ ئەوەی کە ئەم کۆشکە بۆ سەرۆکی ئەم بنەماڵەیە دەگەڕێتەوە، هەڵکەوتەی ئەم کۆشککە لە گەرەکی سەیەدەکان کە بە قەبارە و تەرزی بیناسازی تەنها بینایە کە بەم شێوازە دروست کراوە، بۆیە ئەمانە هەموو ئاماژەن بۆ ئەوەی ئەم کۆشکە بۆ ساڵانی دوای (١٧٣٤ز) ئەگەڕێتەوە، بێ گو مان ئەم مێژووە پەیوەستە بە مێژووی ئەو بەڵگەنامەیەی کە لەم توێژنەوەیەدا باس کراوە (وێنەی ژ. (٣).




نەخشەی ژ.(١) (سەرچاوە (عزیز، ١٢٥،٢٠١٣)

ب- هەڵکەوتی جوگرافی کۆشکی "سەید موحسن ئاغا:

هەڵکەوتی جوگرافی کۆ شکی *" سەید موحسن ئاغا"* لە گەرەکی سەیدەکان ئەم گەرەکە دەکەوێتە بە شی با شووری ڕۆژئاوای شاری کفری، لە گەرەکی سەیدەکان، نزیکی دەرگای باشور کە بە دەرگای(بەغدا) ناسراو بوو (سەرچاوە (نفیسە نشاە ،٢٠٢٤ ، چاوپێکەوتن) نەخشەی ژ. (١).

**ت- بیناسازی کۆشکیی "سەید موحسن ئاغا":**

بیناسازی کۆشکیی "سەید موحسن ئاغا":رووبەری کۆشکی"سەید موحسن ئاغا" لە ئێستادا ناڕوونە گۆرانکاری زۆری تێدا کراوە، لە بنەرەتدا زۆر لە ئێستای گەورەتر بوە، بەڵام سنووری توێژینەوەکەمان تەنها ماڵی "تالیب ئاغا"ی گرتوەتەوە، بە رووبەری (٢٠٠م$^{٢}$)، درێژی(١٦م)، و پانی (١٢م)، لە دوو نهۆم پێکهاتووە، لە (بەردی قایە) و گەچ دروستکراوە، لە کاتی نوێژەنکردنی ئەم بینایە توشی شێواندنێکی زۆر بوە. لە ئێستادا (٧) ژور لە نهۆمی ئەرزی، (٤)

ژور لە نهۆمی دووەم، لە ئێســتادا بە چیمەنتۆ ئەرزی ئەم کۆشــکە داپۆشــراوە، هیچ شــوێنەواری داپۆشــێنی ئەرزە کۆنەکەی نەماوە.

**٣ . نەخش و نێگاری کۆشکیی "سەید موحسن ئاغا".**

**١،٣ نەخش و نیگاری (ئەندازەیی و ڕووەکی):**

کۆشکی "سەید موحسن ئاغا" بێ بەش نەبووە لە بوونی نەخش ونیگار، کۆشکێک وەک کۆشکیی "سەید موحسن ئاغا" دەبێت زۆر دەوڵەمەند بێت لە نەخش و نیگار، نەخش ونیگار گرنگی تایبەتی هەیە، نەخش ونیگاری کۆشــکەکان ڕەنگدانەوەی هەســتی هونەری دانشــتوانەکەیتی، بۆیە هەر بینایەک تا ڕووەکەی بە بەرد یان خشــت یان بە گەچ دانەپۆشــرابێت و نەخش ونیگاری تێدا نەکرابێت بە تەواوی جوانیەکەی دەرناکەوێت(الحيالي،٢٠٠١، ٢٤)، ئەوەی بەروونی ماوەتەوە لە ئیستا لە کۆشکەکەدا نەخش و نیگاری سەر بەردە، بیناسازی دەرگا و پەنجەرەکانی ئەم کۆشکەیە کە بە چێوەی بەردی مەرمەر داپۆشراون، بە قسەی دانیشتوانی ئێستای ئەم کۆشکە، سەرچاوەی بەردی مەرمەرەکە لە موسڵەوە هاتووە، جۆری نەخشی سەر دەرگا و پەنجەرەکان بە گشتی جیاوازێکی ئەوتۆی نەبو، تەنها ئەوە نەبێ دەرگاکان باندێکی (شريط) نەخشی بایەمی بە چواردەوری دەرگاکان کراوە. لە نوێژەنکردنی ساڵی (٢٠١٧)ز، لە ژووری وێنەکراوەکە لە تاقی ناوەراســت هەندێ نەخش و نیگاری ســەر گەچ دەرکەوت، جۆری نەخشــەکان هەڵکۆڵینی قوڵ ونەخشی ڕووەکی بوون. وێنەی ژ. (٥).



وێنەی ژ.(٥) نەخش سەر گەچ (فۆتۆی توێژەر)

لە ڕووی شــێوازی هونەری و تەکنیکی دروســتکردنی نەخشــەکان ئەتوانیین بڵێین نەخشــەکـان ســـادەن، نەخشـــی ســـەر چێوەی پەنجەرەکان بەشی سەرەوەی کەوانەییە، بە دوو شێواز کەوانەی نیو بازنەی و کەوانەی نووک تیژ، لەگەڵ بوونی دوو نەخشـــی باند یان چێوە نەخشــدار (شــريط) شــێوەیان ســێکۆشــەییە یاخود نزیکە لە شــێوەی (x) ناســراوە بە (ســێ کۆرن)، تەکنیکی هەڵکۆڵینی روچاڵ بەکارهاتووە، لەگەڵ بوونی چێوە نەخشـــدار تر( شريط) بە خانەی سێگۆشەیی بچوک بە شێوەی سەر بەرامبەر دووبارەکراونەتەوە بە زنجیرە یەک بەدوای یەکدا. لەگەڵ بوونی نەخشـــی ڕووەکی (گوڵی) یـان گوڵی بەیبون، ئەرخەوان، بە چەنـد شـــێوەیەکی جیـاواز هەڵکۆڵراوە، ئەرخەوان ئەو گوڵەیە لە ناوچەکانی کوردستان و موسڵ لە وەرزی بەهاد سەرهەڵدەدات، هاوشێوەی ئەم نەخشانە لە شاری هەولێر و موسڵ بە زۆری ئەبینرێت (بەرزنجی،٢٠٢٤، ١٩٨). (وێنەی ژ. (٦))



وێنەی ٦أ (فۆتۆی توێژەر)


وێنەی ٦ب (فۆتۆی توێژەر)

**٢. ٣ وێنەی سەر دیوار:**

یەک لە تایبەتمەندیە هەرە بەهێزەکانی کۆشـکیی "سـەید موحسـن ئاغا" بوونی وێنەی دیوار جۆری فریسـکۆ، ئەم جۆرە لە تەکنیکی وێنەکێشان زۆر دەگمەنە لە کفری لە ناوچەکەدا(گەرمیان) . لە ئێستادا تەنها ئەم نموونە ماوە، کە بە تەکنیکی فریسکۆ (بنمیچ)ی (سەقف)ی نەخشێنراوە، بەڵام ئەوەی کە هەیە شوێنەواری وێنەی سەردیوار (فریسکۆ) لە زۆربەی ژوورەکانی ئەم کۆشکە دیارە، بە هۆکاری نۆژەنکردنەوی نازانستیانە زۆربەی پێکهاتەی ئەم کۆشکە شێوێنراوە،


وێنەی٧ (أ) (فۆتۆی توێژەر)


وێنەی ٧ (ب) (فۆتۆی توێژەر)


وێنەی ٧ (ح) (فۆتۆی توێژەر)

هەموو وێنەو نەخشەکان کەوتوونەتە ژێر گەچکاری کە لەکاتی نوێژەنکردنی کۆشکەکەدا کراوە. (وێنەی ژ.(٧)

گرنگترین بەشی وێنەی سەر دیوار (فریسکۆ) لە ژووری یەکەمدا، کۆشکەکە لە ئێستادا پێکهاتووە لە چوار ژووری هاوتەریبی یەک، شێوەی ژوورەکە چوارگۆشەیە بە دیوارە ناڕێکە درێژی دیواری بەشی ڕۆژهەڵاتی (٧,٢٨سم)، دیواری ڕۆژئاوای (٧,٣٧سم)، دیواری باکوری (٣,٢٧ سم)، دیواری باشوری(٧,٤٢سم)، بێگومان بوونی ئەم پێوانە ناڕێکە بۆ ئەوە

دەگەڕێتەوە کە نوێژەنکردنی نازانسـتی. دەرگای ئەم ژووره لە دیواری بەشـی باکوری ژوورەکەدا یە، بە پێوانەی (۸۰×۱٫۸۰سـم)، بەڵام بە وتەی خاوەنی ئێسـتای، بەڕێز (عەلی تالیب ئاغا) دەرگای ئەم ژووره لە دیواری ڕۆژئاوا بووه نزیکی سوچی دیواری باکوره بە پێوانەی (۸۷×۱۸۰سم) گواستەوە.

بنمەچی ژوورەکە شێوەی گومەز کراوە (لەسەردەمی ئیسلامیدا بە زۆری بەکارهاتووه بۆ بنمیچی خانوو) بە شێوەی نیو (اسطوانه)یان نیو بازنەیی یان (نیو بەرمیلی) بە بەرزی (۳)م.

یەکەێکی بیناسازی زۆر باو لە خانووی کوردیدا ئەوەش، تاقە لە ناو دیوار دروستدەکرێت بە مەبەستی جۆراوجۆر. لەم ژوورەدا (۳) دانە تاق هەیە، بە(وێنەی ژ. (۸)). قەبارەی جیاواز، (۸۰×سـم۱۰۰) و (۸۸×۱۱۸سـم) و (۸۸×۱۱۸سـم)، لە دیواری باشـوره، ئەم تاقانە لە سـاڵی (۲۰۱۷ز) لەکاتی نوێژەنکردنی کۆشـکەکە دۆزرایەوە، تاقی ناوەراسـتیان کونێکی تێدایە بۆی هەیە کە دووکەڵ کێشی ئاگردان بێت(چیمنه)، یەک لە تاقەکان نەخشی وێنەی تێدا کراوە، بە بەکارهێنانی یەک ڕەنگ ئەوش ڕەنگی رەشـــە، بەڵام بە بۆچوونی ئێمە ڕەنگاو ڕەنگە بووە، لەگەڵ ڕۆژگاردا و کەوتنی ژێر گەچ



وێنەی ژ. (۹) وێنەی تاقە وێنەکێشراوەکە (فۆتۆی توێژەر)



وێنەی ژ. (۸) وێنەی تاقی زۆری فریسکۆ (فۆتۆی توێژەر)

ڕەنگەکان تێکچوون، دیمەنی وێنەکە پێکهاتووە لە وێنەی شـاخ و خانووی یەک نهۆمی و دوو نهۆمی لەگەڵ بوونی دارودرەخت، ئەوەی تێبینی دەکرێت لەم وێنەیەدا ئەوەیە، کە دیمەنی چیا و دارخورما بێت، دەرکەوتنی وێنەی دارخورما ئاماژەیەکە بۆ کاریگەری هونەری کۆنی مێزۆپۆتامیایەلە سـەر دیمەنەکان، چونکە درەختی دارخورما یەکێکە لە درەختەکانی کە بە زۆری لە هونەری کۆنی مێزۆپۆتامیایە بوونی هەیە،(الصـبیحاوي، ۲۰۱۸، ۳۵۷)، دیمەنەکە لە دیمەنی شـاری کفری دەچێت، بابەتی وێنەکە سـروشـتی، کە بابەتی سـەرەکی



وێنەی ژ(۱۰) بەشێکی گەچی وێنەکراو (فۆتۆی توێژەر)

وێنەکێشـانی ئیسـلامیە لە سـەردەمی ئەمەویدا لە گەرماوەکانی کۆشـکی عەمیرە دەرکەوت، بەڵام دیمەنی خانووکان هیچ پەیوەندی نیە بە کفری و ناوچەکە. وێنەی ژ. (۹)، لە ئێستادا دیمەنی وێنەکان زۆر خراپە، بە بەرکەوتنی راستەوخۆ



JZSB p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

لەگەڵ وێنەکان دەبێت هۆی ســواندنی ولە ناوچوونی چونکە تەکنیکی فریســکۆ توانای بەرگری نیە هەڵمژینی گەچ بۆ بۆیەکان زۆر نیە(وێنەی ژ (١٠))، لە ساڵی (١٩٩٩ز) لە کاتی بەرێچوونی فستێڤاڵی شاری کفری بە مەبەستی پاککردنەوە وێنەکان توشی زیانێکی گەورە بوون.

وێنەی فرێسکۆی ژوورەکە لە بەرزی (١٩٥) سم وێنەکراوە، سەرەتای وێنەکە بە چێوەی نەخشدار دەستپێدەکات بە پانی (٢٥)سم بە چواردەوری ژوورەکەدایە، پێکهاتەی ئەم باندە لە (١٦) دانە شێوە ئەندازەیە وەک لاکێشە و (١٦) دانە شــێوە بازنەیی یان هێلکەیی تێدایە، بەڵام دوو لا کورتەکەی شــێوازی نەخش (مەحراب)ی هەیە بە کەوانەی تیژ دروســتکراوە(الحیالی، ٢٠٠١، ٤٤٢) وێنەی ژ.(١٠)، دابەشــبوونی ئەم نەخش ونیگار بە شــێوازێکە لە دیواری ڕۆژهەڵات (٥)دانە، دیواری ڕۆژئاوا (٥) دانە بە قەبارەی (١٤٥)ســم، و دیواری باکور و باشــور هەر یەکەیان (٣) دانە بە قەبارەی (٧٨)سم



وێـــنەی ژ.(١١) وێـــنەی پێکهاتی چێوەی نەخشـدار یەکەم، شـێوە لاکێشـەی و بازنەی (هێلکەی) .(فۆتۆی تۆێژەر)

وێنەی ناو لاکێشــەکان نەخشــێنراوە بە وێنەی جوراوجور هەر یەک وێنەی تایبەت هەیە، بەواتای (١٦) دانە وێنەی جیاواز لەم چێوەی نەخشـدار (شـریطة) بوونی هەیە، بۆ نموونە وێنەی شـار و وێنەی گوڵدان و وێنەی ماسـی و وێنەی دەفەری میوە وەک(مۆز وسێو) هەندێ وێنەش سراونەتەوە، لەگەڵ دار و گەڵای مێو، (طالو،١٩٨٦، ٢٣) . وێنەی ژ. (١١)



وێنەی ژ.(١١أ) ماس (فۆتۆی توێژەر)



وێنەی ژ.(١١ب) شار (توێژەر فۆتۆی توێژەر)



وێنەی ژ.(١١د) گوڵدان (فۆتۆی توێژەر)

چێوەی نەخشدار ( شریط) دووەم بە پانی (١٤) سم بە چواردەوری ژوورەکەدایە، پێکهاتوە لە دوو باندی( شریط)ی باریک بە پانی (٣)سم، بە ڕەنگی قاوەیی کاڵ، و لە ناوەراستی ئەم چێوەی نەخشدار (شریط) وێنەی شێوە ئەندازەیی هەیە وەکو لولەکی (أسـطوانة) بە درێژی (٨)ســم دەبێت، لەگەڵ دەرکەوتنی بەشــی ناوەوەی (مقطع) (Section), ئەم شێوەی لە شێوەی دارەڕای خانووی کوردی دەچێت, وێنەی ژ. (١٢)



وێـــنەی ژ(١٢) وێـنەی چێـوەی نەخشدار دووەم (فۆتۆی توێژەر)

وێنەی چێوەی نەخشدار (شریط)ی سێیەم، بە پانی (٢٦,٥ سم) ە، بە چواردەوری ژوورەکەدایە، شێوازێکی ئەندازەی هەیە، پێکهاتووە لە شێوازێ لاکێشەیی بەشێوەی (ڕوولاکێشە تەریب)، بە پێوانەی (١١)سم و درێژی(٣٠)سم، ئەتوانی بڵێین زنجیرەێک لە نەخشی لاکێشە دووبارە کراوەتەوە بە دەوری ژووەکەدا بە ئاراستەی ئاسویی بە یەک شێوە وقەبارە نەخسەکانی بە کەورەیی کراوە بۆ پرکردنەوەی زۆرترین بۆ شای, ڕەنگی شینە لە نێوان کاڵ و تۆخ، لە سەر تەختێکی ڕەنگی قاوەیی، وێنەی ژ. (١٣).



وێـــنەی ژ. (١٣) وێـنەی چـێـوەی نەخشدار سێیەم. (فۆتۆی توێژەر)

چێوەی نەخشدار (شریط) چوارەم بە هەمان شێوە ڕەنگی وپێوانەی چێوەی نەخشدار دووەمە(شریط).

چێوەی نەخشدار پێنجەم بە پانی (٣٤,٥)سم بە چواردەوری ژوورەکەدایە، کۆتا چێوەی نەخشدار (شریط) چوارەم بە هەمان شێوە ڕەنگی وپێوانەی چێوەی نەخشدار دووەمە(شریط). (شریط)ە لە وێنەی ژوورەکەدا، بە ڕەنگی زەرد و شێن ڕەنگکراوە، پێکهاتەی ئەم چێوەی نەخشدار (شریط) چوارەم بە هەمان شێوە ڕەنگی وپێوانەی چێوەی نەخشدار دووەمە(شـریط). (شـریط)ە لە دوو پەراوێزی سـەرەوە و خوارەوە بە ڕەنگی زەرد وێنە کراوە، بە پانی (١٠)سـم، ئەم ڕەنگە زەردە بە چێوە بۆ نەخشـە ئەندازەیە کە دروسـتکراوە, وێنەی ناوەوەی چێوەی نەخشـدار (شـریط) چوارەم بە هەمان شێوە ڕەنگی وپێوانەی چێوەی نەخشدار دووەمە. پێکهاتووە لە نەخشی ئەندازەیی وەک دوو مەعینی, معینەکە شێوەی سێ ڕەندی پێوەدیارە نەخشێنراوە لە سـەرگۆسـەی تێژ دانراون, ئاراسـتەی ئاسـۆی بە شـێوازی زنجیرەی بە یەکەوە دووبارە کراوەنەتەوە . وێنەی ژ. (١٤).



وێـــنەی ژ. (١٤) وێـنەی چـێـوەی نەخشدار پێنجەم. (فۆتۆی توێژەر)

دوای تێپەر بوونی (٥) چێوەی نەخشدار ( شریط) وێنەی بنمچی( سقف) ژوورەکە درو ستکراوە، وێنەکە پێکهاتووە لە نەخشـــی ئەنـدازەیی بەبێ تێکەڵ کرنی هیچ جۆرێکی تری نەخش، و لە ســـەر تەختێکی ڕەنـگ قـاوەیی کراوە، نەخشـــەکان لە هێڵی ئاســـۆیی بە پانی(٥)ســـم، ودرێژی (٦)م، بە هێڵ تەختی بنمچەکە دابەش کراوە بۆ (٧) چێوەی نەخشدار ( شریط) چوارەم بە هەمان شێوە ڕەنگی وپێوانەی چێوەی نەخشدار دووەمە( شریط). ( شریط)ی (٢٤) سم، ڕەنگی قاوەیی لە نێوان تۆخ و کاڵ بەکارهاتوە بۆ ئەوەی دیمەنی ڕووپۆشـــی داری دەرکەوێت وێنەی ژ. (١٥أ)، لەگەڵ بوونی نەخشێکی ئەندازەیی لە ناوەراستی ئەم بنمەچەکەدا (سفق) پێکهاتووە لە (٥) دانە شێوە مەعینی لە ناو یەکدان لە ناوەراستدا ئەستێرەیەکی هەشت لایی هەیە، بوونی ئەستێرە لە ناوەراستی ئەم دیمەنە یەکێکە لە تایبەتمەندیەکانی پاراستنی سەنتەرە لە دابەش بوونی یەکەکانی نەخش ونیگاری ئیسلامی.(طالو، ٢٠٠٤، ٢٣) وێنەی ژ. (١٥ب)



وێنەی ژ. (١٥أ). وێنەی بنمچی نەخشـــێنراوە(فۆتۆی توێژەر)



وێنەی ژ. (١٥ب) وێنەی مەعینی نـاوراەســـتی بنمچی نەخشێنراوەکە (فۆتۆی توێژەر)

سەرباری ئەوەی دەرکەوتنی وێنەی ئاژەڵی لەم بابەتەدا سنووردار بو، بە چەند دیمەنێکی دیاریکراو وەک (ماسی)، بەڵام ئەوەی جێگای تێروانینە وێنەکردنی مشکێکی بچوک نزیک بەشی باکوری لە بنمچی ژوورەکە، ئەوەی کە بە دەماودەم باس کراوە، " مەبەست لە وێنەکردنی ئەم مشکە بۆ بابەتی جوانی نەبوە، بەڵکو بۆ مەبەستی چاودێری کردن کێشراوە، چونکە نزیکی دەرگا کۆنەکەی زوورەکە کێشراوە" (عەلی تالیت ئاغا، ٢٠٢٤ چاوپێکەوتن) وێنەی ژ. (١٦).



وێنەی ژ(١٦) وێنەی مشکی زۆری وێنەکشراوەکە (فۆتۆی توێژەر)

بە پێی گێرانەوەی دانشتوانی ئەم خانووە وێنەکێشەکانی ئەم کارە هونەریە خاڵکی شارەکانی رۆژئاوای کوردستان بوونە، ئەم سەنعەتەیان لە وەستای هندی فێر بوون، بۆ بابەتی (مشکەکە)ش هیچ دابوونەریەتێک لە کفری نیە باس لە (مشک) بکات کە بۆ چاودێری بەکارهاتبی، بۆیە بوونی وێنەی ئەم (مشک)ە، بە بۆچوونی ئێمە بە خواستی خاوەن کۆشکەکە نەکراوە، بەڵکو وێنەکێشەکان بۆ خواستی خۆیان ئەم وێنەیەیان کێشاوە، بێگۆمان لە ژێر هەژموونی دابونەریەتی ناوچەکەی خۆیان بوونە, سەرباری ئەوەی سەرچاوەکان باس لەوە دەکەن کە وێنەی ئاژەڵی لە هەر کارێکی هونەری هەژموونی کاریگەری ژینگەیی یان پاشماوەیی کاریگەری دابو نەریتی کۆنی ناوچەکەیە(الصبیحاوی.٣٥٩،٢٠١٨)

ئەوەی تێبینی دەکرێت لە جۆرەکانی نەخش ونێگاری فرسکۆی کۆشکیی "سەید موحسن ئاغا" ئەوەیە ،کە سەرچاوەی هەموو وێنەکان لە سروشت وەرگیراوە بە بێ هیچ دەستکاریەک یان گۆرانکاری لە دیمەنەکان، بۆیە ئەتوانین بڵێن، سەرچاوەکانی ئەم بابەتە زۆر سادەن، لە گەڵ بەکارهێنانی نەخش ونیگاری چێوەی نەخشدار (زخرفة الاطارات) بەواتای دیاریکردنی هەندێ جۆری نەخش لە نێوان دوو هێڵدا (طالو، ١٩٨٦، ٢٣). تایبەتمەندیەکانی نەخش ونیگاری ئیسلامی لەم بابەتەدا پەیرەو کراوە وەک دووبارە بوونی وێنەکان کە بە دووبارە بوونی ئاسای دادەنرێت ، وەک ئەوەی لە باندەکاندا دەبینرێت.

بێگۆمان بوونی هەر ڕەنگێک لە هونەری و بیناسازی ئیسلامیدا ئاماژەیەکی خۆی هەیە, بە تایبەتی هەندێ توێژینەوە ئەوەیان سەلماندوە, کە ڕەنگەکان لە کاری هونەریدا یان بینایەکدا پەیوەندیان هەیە بە بیروڕای ئاینی ئەو ناوچەیە(طە, ٢٠١٢, ٣٢) لە ئاینی ئیسلامدا بە هەمان شێوە ڕەنگەکان لە چەندین ئایەتی بیرۆزی قۆرئاندا باس کراون, بێگومان شیکردنەوە بۆ ئاماژەکانی ڕەنگەکان لە سەر بنەمای شیکردنەوەی ئایەتەکانە, وە کاریگەری کۆمەڵایەتی و مەزهەبی بێبەش نەبووە لە شیکردنی ڕەنگەکان, بۆ نموونە ڕەنگی شین لای پەیڕەوانی مەزهەبی شیعی پیرۆزە,(Faghfoori,2014, 14).

ئەو ڕەنگانەی کە بەکارهاتووە لە وێنەی فریسکۆی کۆشکی "سەید موحسن ئاغا" **ڕەنگی (زەرد)**: بوونی ڕەنگی (زەرد) لە هزری ئیسلامیدا ئاماژەیەکە بۆ دەربرینی خۆشی ,(الصبيحاوي, ٢٠١٨, ٣٥٧), هەندێ سەرچاوە باس لە ئاماژەکانی ڕەنگی (زەرد) بۆ ژیری و پەرستن وە ناخی مرۆڤە دەردەخات, پەیوەندی هەیە بە ڕەنگی خۆر.(Faghfoori,2014,15), **ڕەنگی شین:** سەرباری ئەوەی ئەم ڕەنگە لە هونەری مێژوویەکی کۆنی هەیە, بەڵام لە ئاینی ئیسلامیدا وەک لە پێشوترەوە ئاماژەمانی پێ کرد کە ئەم ڕەنگە لە ژێر کاریگەری ئاینی (مەزهەبی)دایە , ڕەنگی شین لە مەزهەبی سونەدا پیرۆز نیە(ئاساییە), بەڵام لای پەیرەوانی مەزهەبی شیعیدا بیرۆزە,(Faghfoori,2014,15), بەڵام هەندێ سەرچاوە باس لە ئاماژەکانی ڕەنگی شین دەکات بۆ ئەوەی ڕەنگی ئاسمانە و ڕەنگی ئاوە, بەواتای ئاماژەی ژیانە. **ڕەنگی قاوەیی**: ڕەنگی قاوەیی لە ڕەنگە گەرمەکان هەژمار دەکرێت, زۆرجار لە بنمیچی خانووەکان بەم ڕەنگە بۆیە دەکرا بۆ بە دەست هێنانی گەرمی (طه, ٢٠١٢, ٣٢), ئاماژەی تری ئەم ڕەنگە ئەوەیە دەرخستنی و پتەوکردنی پەیوەندی مرۆڤ وژینگە چونکە ڕەنگی قاوەیی نزیکە لە ڕەنگی قوڕ و مرۆڤیش لە قوڕ دروستکراوە.

بێگومان دەرکەوتنی ئەم ڕەنگانە ئاماژەیەکی ڕوونە بۆ هەست و سۆزی دانشتوانی کۆشکی "سەید موحسن ئاغا", چونکە ڕەنگەکان لە بنەرەتدا پەیوەندیە لە نێوان روح و فەلسەفە و سۆزی مرۆڤ.

**ئەنجام:**

- هونەر بەگشتی و هونەری وێنەی سەر دیوار بەتایبەتی ڕەنگدانەوەی ئاستی کۆمەڵگایە، بە دەرکەوتنی ئەم هونەرە بەگشتی لە شاری کفریدا ئەوەمان بۆ ئەسەلمێنی کە شاری کفری لە ئاستێکی بەرزدا بوە لە هەموو بوارەکان.
- بابەتی ویەکەکانی وێنەی سەر دیوار ونەخش ونیگاری کۆشکی " سەید موحسن ئاغا" ئەوەمان بۆ ڕوندەکان، وێنەکێش دوورکەوتوەتەوە لە گۆڕانکاری (تحوير) لە وێنەکان و ڕووتانەوە (تجريد).
- دەرنەکەوتنی وێنەی مرۆڤ لە وێنەی فریسکۆی کۆشکی "سەید موحسن ئاغا" بۆ ئەوە ئەگەڕێتەوە کە کەسایەتی سەیدەکان ئایینی بوە، لە ژێر کاریگەری بیرۆکەی حەرام بوونی وێنەکێشان لە ئیسلامدا، بۆیە ئەتوانین ئەوە بڵێین کە حەرام بوونی بیرۆکەی وێنەکێشان لە ئیسلام ڕەنگی داوەتەوە لە کۆشکی"سەید موحسن ئاغا" .
- گرنگی کۆشکی "سەید موحسن ئاغا" تەنها لە بوونی وێنەی دیواری (فریسکۆ) نەبوو، بەڵکو چەندین جۆری تەکنیکی نەخش ونیکاری ئیسلامی لەم کۆشکەدا دەرکەوتن، سەرباری ئەوەی لایەنی بیناسازی وتەلارسازی کۆشکەکە گرنگی خۆی هەیە.
- مێژووی کۆشکی"سەید موحسن ئاغا" بۆ نیوەی دووهەمی سەدەی (١٨)ز دەگەڕێت.
- هەموو ئەو ڕەنگانەی کە لە کاری هونەری فریسکۆی کۆشکی "سەید موحسن ئاغا" بەکارهاتووە تووشی سواوی بوون، ئەوەش بە هۆکاری ئەوەی سروشتی وێنەی ئاویی فریسکۆ توانای بەرگری زۆری نیە بەرامبەر کەش وهەوا، هۆکارێکی تر ئەوەیە هەڵسوکەوتی نازانستی کە بەرامبەر ئەم کارە هونەریە دەکرێت لە لایەن خەڵک و دانشتوانی کۆشکەکە.



***JZSB*** p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

- پەیام و مەبەســت لە هەموو وێنەکانی کۆشــکی "ســەید موحســن ئاغا" بوونی هەبوە, بێگومان بە ڕێگای وێنەکان و ڕەنگەکان دەربرینی بۆ کراوە.

**لیستی سەرچاوە**

**سەرچاوەی کوردی:**


- بەرزنجی، مهدی جلال مصطفی(٢٠٢٤) هونەری نەخش و نووسینی سەربەرد لە ناوچەکانی نێوان زێی بچووک و ڕووباری ســیروان (١٢-١٤ک /١٨-٢٠ز) ، بڕوانامەی دکتۆرا بەڵاونەکراوی بەشـــی شــوێنەواری کۆلیجی ئاداب زانکۆی سەڵاحەدین.
- عزیز، سهل خورشید(٢٠١٣) مێژووی ناوچەی کفری لە کۆنەوە تا ساڵی ١٩٥٨، چاپی یەکەم.
- عەبدوڵڵا، ئەردەڵان(٢٠١٣) سەفەرنامەی نیبور (لە سەدەی هەژدەدا)، چاپی یەکەم، هەولێر.
- فتاح، عثمان توفیق(٢٠٢٤) فەرهەنگی نەینەوا پێنج، لێکۆڵینەوەیەک لە ســیماکانی و کاریگەرییەکانی لەســەر فەرهەنگەکانی دواتر دەوروبەری، بڕوانامەی دکتۆرا بەڵاونەکراوی بەشی شوێنەواری کۆلیجی زانستەمرۆڤایەتییەکانی زانگۆی سلێمانی.
- محەمەد غەریب،عەلی هیجران(٢٠٢٤) پلانســازی شــارە کوردییەکان لە ســەردەمی میرنشــینی بابان(مەگە- قەڵاچوالان- سلێمانی) بە نموونە. چاپی یەکەم.
- نەریمان، مصطفی(١٩٩٤) بیرەوەری یەکانی ژیانم ، دار الحریة للطبعة، بغداد.
- نەریمان، مصطفی(١٩٨٦) شۆرشی ئیبراهیم خانی دەڵوو ، دار الحریة للطباعة.


**گۆڤاری کوردی:**


- هجرانی، عەلی(٢٠٢٠) پێناسەیەکی هونەری ئیسلامی ، گۆڤاری زەردە، ژمارە ٤، سلێمانی.


**سەرچاوەی عەرەبی:**


- الباشا، حسن (١٩٥٩) التصویر الاسلامي في العصور الوسطى، القاهرة.
- البدلیسي، الامیر شرف خان (٢٠٠١) شرفنامة، ترجمة، محمد جمیل الملا احمد الروزبیاني، الطبعة الثانیة، بغداد.
- برکات، مصطفي (٢٠٠٠) الألقاب و الوظائف العثمانیة، دار غریب للطیاعة و التوزیع.
- حســین، أثیر احمد و عطیة، عبد الرحیم حنون (٢٠١٩) التصــویر الجداري الملون (الفریســکو) في عصــور مدینة النمرود،أثار التراث نینوی عمق الماضي وأفاق المستقبل، المجد الثاني.
- حمدان، أسامه (٢٠١٢) دلیل فن الفسیفساء تاریخ مواد أدوات – طرق و أسالیب و تقنیات و التنفیذ، القدس.
- حنان، برســیس و أســماء، بن زلاط (٢٠٢١) التصــویر الجداري في الجزائر مابین الاســتمتاع و ضــرورة التزیین، رسالة ماجستیر غیر منشهور قسم الفنون کلیة الاداب و اللغات، جامعة أبو بکر بلقاید تلمسان.

• الحيالى،اكرم محمد يحيى جاسم (٢٠٠١) الزخرفة الهندسية على المبانى الاثرية القائمة فى الموصل خلال العصور الاسلامية، رسالة ماجستير غير منشورة، جامعة موصل.

• الخاڵ، محمد (بدون سنة) الشيخ معروف النودهى البرزنجى، دار مطبعة التمدن، بغداد.

• سعيد، مؤيد (١٩٨٥) الرسوم الجدارية منذ أقدم العصور ، حضارة العراق، ج ٣، بغداد.

• الشرقاوي، داليا احمد فؤاد(٢٠٠٠) الزخارف الاسلامية و الاستفادة منها في تطبيقات زخرفة معاصرة، رسالة ماجستير غير منشور ، قشم الزخرفة، كلية الفنون الجميلة، جامعة حلون.

• طالو، محب الدين(١٩٨٦) الفنون الزخرفية، الطبعة الاولى، دمشق.

• عكاشة' ثروت(٢٠٠١) موسوعة التصوير الاسلامي ، الطبعة الاولى.

• فرغلي، أبو الحمد محمود(٢٠٠٠) التصوير الاسلامي، الدار المصرية اللبنانية، الطبعة الثانية.

**گۆڤاری عەرەبی :**

• خليفة نجم، ولاء حمدي الشحان(٢٠٢٠) الاستفادة من الوحدات الزخرفية التراثية بواحة الاحساء في التصميم لوحات جدارية في المرافق السياحية، المجلة العلمية لجامعة الملك فيصل، عدد خاص: الأحساء عاصمة السياحة العربية.

• شياع، سؤدد عبد الغني(٢٠٢١) الابعاد الجمالية للجداريات النحتية في المعابد المندائية في بغداد، مجلة أوروك للعلوم الانسانية، المجلد ١٤، العدد ٤.

• الصابوني، حلا و السرميني، علي(٢٠٠٩) الفن الجدراي الا شوري، مجلة جامعة دمشق للعلوم الهند سية، المجلد ٢٥، العدد الاول.

• الصبيحاوي, حيدر فرحان(٢٠١٨) الرمزية في الفن الاسلامي, مجلة دراسات في التاريخ و الاثار, العدد٦٧.

• طه، حسن حسن(٢٠١٧) الامكانات التشكيلية و اللونية لخامة الموزاييك و دورها في البناء التصميمي الجداري كمدخل للاثراء التصميم الزخرفي(دراسة تحريبية)، مجلة الفنون التشكيلية و التربية الفنية- المجلد الاول- العدد الاول.

• علي، فائز هادي و وهام، عادل شاكر، (بدون سنة الطبع)شواهد أثرية أسهمت في حل مشكلات مجتمعية،

• الهجان، عبد المنعم محمود، وأخرون(٢٠١٣) فن الجداريات: أصولة ز تقنياتة، مجلة بحوث التربية النوعية ، جامعة المنصورة.

**سەرچاوەی ئینگلیزی:**

•Taha،Hamdan & Whitcomb، Donald(2015)The Mosaica of Khirbel el- Mafjar Hishams Palace، Ramallal.

• Faghfoori, Robab, Ghazal, Hasan Bolkhari, Soltani( 2014(Theosophical Principles of Light and Colour in the Architecture and Decorations of Soltaniyeh Dome, International Journal of Arts,4(1)8-16.

•Ward، James،(1909) Fresco Painting Its Art And Technique، Landan.

چاوپێکەوتن:

- نفیسة نشاة خورشید(٢٠٢٤) لە دایکبووی ١٩٤٢.
- عەلی تالیب ئاغا (٢٠٢٤) لە دایکبووی ١٩٨٢.



***JZSB*** p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034